

حەنا مینا

# کیژۆڵەیەک بۆ فرۆشتن

وەرگێڕانی: جەلال حەمید

ئەم بەرهەمە یەکەمین چیرۆکی حەنا مینایە کە پیش ٦٢ ساڵ لە گۆڤاری (الطریق)ی لوبنانی بڵاو کراوەتەوە.

جل و بەرگەکەی ئاماژە دەدات بۆیە خێرا زانیم یەکێکە لەو جوتیارە هەژارانەی کە دڵڕەقی خاوەن زەوی ناچاری کردوون بەرەو شار کۆچ بکەن. لە پشت شووشەی چایخانەکەوە رەچاوم کرد لە رۆژی سەرما و باراندا پیادە و رێبوارەکان رادەگرێ و شمەکە خراوەڕووەکەی دەخاتە بەر دیدە. هەندێکیان دوای هەڵوەستەکردن سەیری دەکەن و هەندێکی تریان سەر دەبزوێنن و پاشان ملی رێگە دەگرنە بەر. شمەکی خراوەڕووی کێژۆڵەیەکی نزیک تەمەن سیانزە ساڵ بوو. لەشی لاواز و پێستی ئەسمەر و سیماگەلی ناسک و پێی خاوس بوو. رەوشی کابرا لە

کیژۆڵەکەی چاکتر نەبوو. پێ خاوسی و جل و بەرگە شڕۆڵەکەی رووخساری ئەشکەنجەیەکی بەردەوامی دەنواند کە بێگومان لە ئەنجامی نەدارییە توند و تارەکەیەوە سەری هەڵدابوو.

نزیکی کەوتم کەچی هێشتا بەدەنگێکی کز و شکستخواردوو هاواری دەکرد: – ئەم کیژۆڵەیە بۆ فرۆشتنە!

– کیژۆڵە بۆ فرۆشتن؟ ئای ئەمە بەرامبەر بەخودی مرۆڤایەتی و شارستانییەت چ تاوانێکە!

لێی نزیک بوومەوە و بەتیروانینێکی خەماوی لێوان لێو لە هیوا و پاڕانەوە سەیری کردم.

– ئەم کیژۆڵەیە بۆ فرۆشتن.

هەمدیس هاواری کرد و دواتر بەرەو رووم هات و ئاماژەی بە منداڵەکەی کرد و وتی :– ئەفەنی، ئەم کیژۆڵەیە مناڵێکی زیرەک و دەستپاکە.

دڵڕەقانە قسەم پێی بڕی و وتم: بەڵام بچکۆلەیە، گەلێ بچکۆلە، ناڕەوایە لە تەمەنێکی ئەوتۆدا کاربکات و ناڕەواتریش ئەوەیە کە بفرۆشرێ. ئەی کابرا، تۆ دڵت نییە؟

هەر کە ئاوڕی لێ دامەوە ترسێکی سەیر دایگرت و خەندە گاڵتەجاڕییەکەی لێوی بەجارێک هۆشی پێ بەخشی و چەشنی هێمنی پێش رەشەبا وەڵامی دامەوە : – بەڵێ ئەفەنی من دڵم هەیە، بەڵام تۆ ناڕوانی کە فرۆشتنی ئەم مناڵە بۆ ماوەی چەند ساڵێک باشترە لەوەی کە لە سەرما و برساندا بمرێ؟!

وتم بەڵی لەم حاڵەتەدا فرۆشتنی باشترە بەڵام،

– چی؟ بۆ کار ناکەی بۆ ئەوەی بەخێوی بکەیت و لە شەڕی برسیەتی و سەرما رزگاری کەی؟ تۆ جوتیاری لە هاویندا چیت ئەکرد؟

– لە هاویندا؟!

– بەڵێ.

– بۆ پێت وایە یاریم ئەکرد؟

وا دەڕوانم لەو کاتەدا هەقایەتی سیسرک و مێرووڵەی لافۆنێنم بیر کەوتەوە بەئاوازێکی پێداگرەوە وەڵامی دامەوە: – تۆ خەڵەفاوی، من لە هاویندا خەریک کۆکردنەوەی ئەوە بووم کە لە زستاندا تۆوم کردبوو.

– کەوا بوو ئەو خەڵە و بەرهەمەی کۆتکردەوە چیی بەسەرهات؟

سەیری کردم و وەک ئەوەی یەکێک لە شتێک بکۆڵێتەوە لەبەر خۆیەوە وتی:–

– راستە خەڵە و بەرهەمی کۆکراوەم کوانێ؟

دواتر وتی: بەخودای نازانم، بەلام سوێند بێ من هەرگیز تەوەزەل نەبووم. منداڵەکەی راکێشا و رۆیشت. من بەتەنیا مامەوە و کەوتمە بیرکردنەوە لەو – کوللانەی – کە شالاویان